# چەند فەتوایەك دەربارەی ژن هێنان

[ بە كوردی ]

# فتاوى في حكم الزواج

[ باللغة الكوردية ]

فەتوای: لیژنەی هەمیشـەیی بۆ لێكۆڵینەوەی زانسـتی و فەتوا و بانگەواز و ڕێنمایی

المفتي : اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء والدعوة والإرشـاد

وەرگێڕانی: مامۆسـتا كەمال مەلا مەحەمەد بۆسـكینی

الترجمة: كمال ملا محمد بوسـكيني

پێداچونەوەی: پشـتیوان سـابیر عەزیز

المراجعة: بشـتيوان صابر عزيز

نوسـینگەی ( ڕەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشـیاركردنەوەی
ڕەوەندەكان لە شـاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

# چەند فەتوایەك دەربارەی ژن هێنان

پرسیاری دووەم لەفەتوای ژمارە(16895)

پرسیار : ئایا دروستە بو هیچ کەسێك کەبەئارەزووی خۆی واز لەژن هێنان بێنێت، لەکاتێکدا ئەو کەسەتوانای جەستەیی و نەفەقەوماڵی هەبێت بو ژن هێنان؟ بەبیانووی ئەوەی بڵێت نامەوێت وەچەیەك بنێمەوەتوشی عەزاب و کوێرەوەری دونیا بن؟ چونکەمن برادەرێکم هەیەوا دەڵێت!

وەڵام: ژن هێنان کارێکی دروست(مشروع)ەلەئیسلام دا ، وەشەریعەتی ئیسلامی مسوڵمانانی هان داوەبۆ ژن هێنان و زیادکردنی ئومەتی پێغەمبەر.

وەحوکمی ژن هێنان بەپێی زروف و حاڵی ئینسان دەگۆڕێت، وەزۆربەی زانیان ڕایان وایەکەسێك لەوەبترسێت کەبەتەرك کردنی ژن هێنان توشی تاوان و داوێن پیسی دەبێت ، وەتوانای ژن هێنانیشی هەبێت، ئەوەلەسەری واجیبەژن بێنێت؛ چونکەخۆ پاراستن لەحەرام واجیبە،و ڕێگاکەشی ژن هێنانە، بۆیە لەو حاڵەتەدا ژن هێنان پێش حەج کردن دەخرێت.وەئەگەر ئەو کەسەلەخۆی ئەمین بێت کەخۆی پێ ڕادەگیرێت و ناکەوێتەناو تاوانەوەوەتوانای ژن هێنانی هەبێت ئەوەسوننەتەژن بێنێت.

کەوابوو پێویستەخاوەنی ئەو پرسیارەناوی خوای لێ بێنێت و بەدوای دۆزینەوەی ئافرەتێکی باش دا بگەڕێت، بۆ ئەوەی نەفسی خۆی و ئەو ئافرەتەش بپارێزێت لەخراپەو، ئەوەش خێرو پاداشتێکی گەورەی تێدایە.

وەئەو بیانوەش کەدەڵێت نامەوێت وەچەیەك بنێمەوەتوشی عەزاب و کوێرەوەری دونیا بن ، پێویستەئینسانی مسولمان هەر بەخەیاڵی خۆشیدا نەیهێنێ جای ئەوەی ئەحکامی لەسەر بنیات بنێت.

| سەرۆك | ئەندام | ئەندام |
|---|---|---|
| عبدالعزیز بن باز | عبد الرزاق عفیفی | عبدالله بن غدیان |

فەتواى ژمارە(13684)

پرسیار: من گەنجێكم تەمەنم ( 25) ساڵە، بەڵێنم بەئافرەتێكی مەسیحی دابوو هەر كاتێك مسوڵمان بێت بیهێنم كەئەویش تەمەنی ( 25) ساڵە، وەئیستا ئەو ئافرەتەمسوڵمان بوە، وەئارەزووم لێیە كەبیخوازم و وەعدەكەم جێ بەجێ بكەم، بەڵام باوكم بەتوندی بەرگریم لێ دەكات و پێی ناخۆشە، تكایەوەڵامم بدەنەوەچی بكەم؟

وەڵام: مادام بەڵێنت بەو ئافرەتەداوەهەر كاتێك مسوڵمان بێت بیخوازی، بەڵێنەكەت جێ بەجێ بكەو بەهۆی پێ ناخۆش بوونی باوكت تاوانت پێ ناگات .

| | | |
|---|---|---|
| ئەندام | ئەندام | سەرۆك |
| عبدالله بن غديان | عبد الرزاق عفيفى | عبدالعزيز بن باز |

پرسیاری دووەم لەفەتواى ژمارە(19189)

پرسیار : ئایا كامیان باشترە لەلای خوای گەورە، جێ بەجێ كردنی حەج و عومرە، یان ژن هێنان بۆ ئینسانی ڕەبەن (بێ ژن) ؟

وەڵام: ئەگەر لەخۆت دەترسێیت ئەگەر ژن نەهینی تووشی خراپەدەبیت، ئەوەژن هێنان پێش ئەدای حەج و عومرەبخە، وەئەگەر خۆت پێ ڕادەگیرێت و لەخۆت ئەمینی كەتووشی خراپەو داوێن پیسی نابیت ئەوەئەدای حەج و عومرەپێش ژن هێنان بخە.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئەندام | ئەندام | ئەندام | جێگری سەرۆك | سەرۆك |
| بكر أبو زيد | صالح الفوزان | عبدالله بن غديان | عبدالعزيز آل الشيخ | عبدالعزيز بن باز |

فەتواى ژمارە(19124)

پرسیار: من گەنجێكم تەمەنم ( 23) ساڵە، ئارەزووم لێیەیارمەتی دایكم و باوكم بدەم بۆ جێ بەجێ كردنی حەج و عومرە، لەهەمان كاتدا ئارەزووم لێیەژن بێنم و دینی خۆم تەواو كەم و خۆم بپارێزم لەخراپە، وەئەو پارەی هەمەبەشی هەردو لایان ناكات، ئایا لەم دو كارەكامیان لەپێشترە؟

وەڵام:ژن هێنانت بەو پارەیی هەتەلەپێشترەلەیارمەتی دانی دایك و باوكت بۆ حەج وعومرەكردن، جونكە ژن هینان مایەی پاراستنی داوێنەلەخراپەو مایەی پاراستنی چاوەلەنەزەر كردن، هەر وەك لەفەرموودەی پێغەمبەردا هاتوە(يا معشر الشباب من استطاع منكم الباءة فليتزوج؛ فإنّه أغض للبصر وأحصن للفرج ...).

وەدەربارەی دایك و باوكت، مادام توانایی ماڵیان نەبێت حەجیان لەسەر واجیب نیەو ، وە هەر كاتێك خوای گەورەبۆی ئاسان كردیت و توانات هەبوو لەكاتی ژیانیان دا دەتوانی حەجیان پێ بكەیت، ئەگەرنادەتوانی لەدوای مردنیان حەجیان لەجیاتی بكەیت.

خوای گەورەپاداشتت بداتەوەو كاری خۆت و دایك و باوكت ئاسان بكات .

| ئەندام | ئەندام | ئەندام | جێگری سەرۆك | سەرۆك |
|---|---|---|---|---|
| بكر أبو زيد | صالح الفوزان | عبدالله بن غديان | عبدالعزيز آل الشيخ | عبدالعزيز بن باز |

وصلى الله وسلم على نبينا وحبيبنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

12 جومادی دوەمی 1429 ك